**تیبینی: ئەم چاوپێکەوتنە لەگەل گۆڤاری میدیا لەلایەن بەریز دەشتی سەباحەوە ئەنجام درا،بەپێویستم زانی روونکردنەوەی پێویست هاتووە بلاو نەبووتەوە ،وەك خۆی ئەم چاو پێکەوتنە بلاو بیتەوە .**

**سپاستان دەکەم**

**دەشتی جەمال**

# 2006-11-4

## چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەی میدیا

1. پێناسەی خۆت؟فیدراسیۆن ؟چۆنەوە لەچی پێك هاتووەکێن سەرۆك لیپسراوی ئەم رێکخراوەیە؟کاری یان چی یە سنور هەلسورانیان چۆنە؟

دەشتی جەمال:من ناوم دەشتی جەمال یەکیکم لە دامەزرینەرانی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کەلەمانگی 6-1993 بەدەستپێشکەری هاوری (ریبوارعارف) کەسکرتیری ئەم رێکخراوەیە هەروەها (مزفەر عبدولله وجمال سالح...)هاوریانێکی تر ئەو سەردەمە کۆمەکی جدیان کرد دامەزراند.

فیدراسیۆن رێکخراوەیەکی جەماوەری و رادیکال وئینسانی یە ،رێکخراوەیەکی تایبەت بەپەنابەرانە تێ دەکۆشی بۆ رێکخراوکردنی پەنابەران و راگەیشتن بەکیشەکانیان و رێکخستنی خەبات و یەکگرتوویکردنی ریزەکانی نارەزایەتی پەنابەران ،و راستەخۆ بەرگری لەماف وداخوازیەکانی پەنابەران دەکات ،بەدەر لە بیرو بۆچون وئایدولۆژی ودین و نەژاد وقەومیت لەسەر بناغەی کیشەو گیروگرفت و خواستی هاوبەش یان، مەسئولیەت نیشان دان بەرامبەر ژیان و گوزەرانی خۆیان و مندالەکانیا ن تا دەگات بەوەرگرتنی ماف پەنابەری لەوولاتی سێ یەم. ئامانجی ئەم رێکخراوەیە داکۆکی کردنە لەمافەکانی پەنابەران، بەرگری کردنە لەمافی ئینسانی پەنابەران و هەوڵدانە بۆ ادغام کردنی پەنابەران لەوکۆمەلگایانە ژیانی تیا دەبەنە سەر..داکۆکی دەکات لەمافەکانی ژنانو مندالان،خەبات دەکات دژ بە نەژاد پەرستی .هەوڵدەدات پەنابەران لەکۆت و بەندی ئەفکاری دواکەوتوانە رزگار بکات لەگەڵ شێوەی ژیان و داب و نەریتی و ئەفکاری پێشکەوتوو ئاویتەیان بکات و لەم ریگایەدا هەولدەدات لەئاستی جیهان پشتیوانی بەرین بۆ پەنابەران لەلایەن هیزی رادیکاڵ و پێشکەوتوخوازو رێکخراوە ئینسان دۆستو کریکاریەکان بەدەست بهینێ ..

خەباتی فیدراسیۆن بۆ ماف پەنابەری هاوکاتە بەخەباتی ئینسانی لەپێناو دنیایەکی باشتر ..فەلسەفەی وجودی ئێمە دابین کردنی ماف ئازادی و بەرابەری ئینسانی یە و مسۆگەرکردنی مافەکانی پەنابەرانە.

ڕێکخراوی فیدراسیۆن بروای تەواوی بەئازادی بێ قیدوشەرتی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و ئازادی سەفەر و گۆیزانەوەی شوێنی ژیان هەیە. هەرکەسێك لەژێر فشاری جۆرجۆری سیاسی وکۆمەلایەتی پەنا بۆ ژیانیکی ئامنتر دەبات مافی خۆیەتی لەمافی پەنابەری بەهرمەند بێت.

فیدراسیۆن هەمیشه لە هەوڵی ڕێکخستن و پەرەپێدانی بزووتنەوەی پەنابەران و دەست گەیشتنیان بەمافی ئینسانی و رووبەرووبونەوەی کیشەو گرفتەکانیان و هاوکاری کردنی بێ دریخی بووە بۆ پەنابەرانی کوردو عیراقی. فیدراسیۆنی سەرتاسەری لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا خاوەنی دنیایەك سەروەری وکارنامەی گرنگە لەرزگارکردنی ژیانی سەدان پەنابەری کورد و عیراقی لەوولاتەکانی دراوسێ عیراق و کەمپی وولاتە ئەورپییەکان کەبەدەست کیشەو گرفتی پەنابەریەوە دەیان نالاَند. سەدان خۆپیشاندانی نارەزایەتی لەبەردەم نوسینگەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە تورکیا وبەردەم سەفارەت و ناوەندی بەرپرسیارەکان لەسەر کیشەی پەنابەری بەرێ خستووە،سەدان سەردانی ڕێکخراو نیهادە پەنابەری و ئینسانی و یەکیتی کریکاریەکان کردوە بەهەدەفی هینانی پشتیوانی لەپەنابەران و کیشەکانیان ..چەندین کەمپینی ئیمزاکۆکردنەوەی ئەنجام داوە بۆ یارمەتی و بەدەنگەوە چوونی پەنابەران، داکۆکی لەماف حورمەتی ئینسانیان وداخوازیەکانیان، ورێگەگرتن لەبەزۆرگیرانەوەی پەنابەران وە کاری کردوە لە ئاستێکی فراوان بۆ قبولکردنی پەنابەران، سەدان کەمپینی سەرتاسەری و محلی لە ئاستی وولاتە ئەورپیەکان و ئۆستراليا وتورکیاو یونان وسوریا ولتوانیاو کرواتیا بەرێ خستوە ..نمونەی دوو خۆپیشاندانی شکوداری هۆلّندا لەساڵی 2001 کە بریار بوو 9 هەزار پەنابەری کورد بنیرنەوە کوردستان کەتوانی بەربگریت بەم سیاسەتە. بەم فشارە دەولەتی هۆلندا کردی بە 5 هەزار سەرئەنجام 2 هەزار کەس ئەوەش راگیرا بەهیمەتی کاری فیدراسیۆن. ساڵی 97 وە98 لە نزیك بە 35 کەمپی ئەلمانیا مانگرتنو نارەزایەتیمان بەرێ خست دژ بە سیاسەتی دەولەتی ئەلمانیا بەرامبەر پەنابەرانی کورد. لە تورکیا دەیان خۆپشاندانمان بووە ونەتەوە یەکگرتوکانمان ناچارکردوە دەیان پەنابەر بگۆیزیتەوە وولاتە ئەوروپی یەکان ، بەدەنگەوە چوونی پەنابەران لەکەمپەکانی (رەفحاو ئەرتاوی)ی سعودیە و کەمپەکانی ئیران تا کروتیا و لتوانیاو روسیا خەرمانێك لەپیشرەوەی دەستکەوتی گەورەی ئەم ڕێکخراوەیە بوون بۆ بەهرمەند بونی پەنابەران لەماف پەنابەری و رزگار بوون لەمەترسی لەناوچوون لەبریتانیا وولاتەئەورپی یەکانی تر بەهەمان شێوە.

فیدراسیۆنی سەرتاسەری لەچەند وولاتی ئەورپی و اسکندەنافی وکەندا و ئوستراليا و تورکیا نوسینگەو لەهەندێکی تر ئۆفیسی هەیە. سکرتاریتی ئەم ڕێکخراوەیە پێشتر لە فنلندا بوو لەلایەن هاورێ ریبوار عارف سەرپەرشتی دەکرا ئیستا لەبریتانیایە (من،بورهان فەتاح،جاسم غەفور) لەسکرتاریتی ئەم ڕێکخراوەیە کار دەکەین.

1–دوای رووخانی رژیمی بەعس، ژمارەیەکی زۆرلەگەنج و خەڵکی کوردستان روویان لەتاراوگە کردوە،بەمەش کیشەوەرگرتنی مافی پەنابەری دروست بووە،ئایا پیتان وایە رەوشی کوردستان ئەوەند ئالۆزە جیگای ژیانی تیا نابیتەوە؟

دەشتی جەمال: بەدروست کیشەو گیروگرفتی سیاسی گەورە هەیە لەکوردستاندا کە خەڵکی کوردستانی ناچار بە ئاوارە بوون کردوە بەتایبەتی لەنیو جیلی لاواندا ئەم کیشە هۆکاری سیاسی واقعی خۆی هەیە بەبراوی من ئەمە بەلایەکی گەورەیە کەدەبێت لە ملی خەڵکی کوردستان ببیتەوە،ئەمرۆکە لەکوردستاندا سەرکوت هەیە راونان هەیە پێشیلی ئازادی سیاسی هەیە تیرۆر هەیە گەندەڵی سیاسی وئیداری هەیە بەرێوەچونی حکومی اعدام هەیە گرتن وهەرەشەو چاوسورکردنەوە و تیرۆری ژنان و بێ مافیان، کەسانی عەلمانی و نوسەرو شاعیر هەرەشەو فتوای کوشتنیان لێ دەکرێ نمونەی وەك مەریوان هەڵەبجەی لەلایەن رەوتە ئیسلامی یەکانەوە. بیکاری وگرانی رادەبەدەر کەس نازانی پۆشاك و پیداویستیەکانی رۆژانەیان چۆن دابین بکەن ،لاوان محتاجی بچوکترین ئارەزووی خۆیانن تەنانەت ناتوانن زەواج بکەن و ژیان و ئایندەیان تامین بکەن چەندین خیزان پەناگای ئاوارەییشیان بەسەردا رووخینراوە وەیان شوینی ژیانیان نیە، خۆیندکارو خۆیندگاکان لەسەرەتاییترین پێداویستی خۆیندن بێ بەشن، ئاو و کارەباو سووتەمەنی کە سەرەتاییترین پێداویستی یە بۆ خەڵکی کوردستان بۆتە ئاواتێکی دورەدەست، ئەگەر بۆ داوای ئاو و کارەباو سووتەمەنی خۆپشاندانیش بکەیت ئەو کونجی زیندان جیگەتە یان تەقەت لێ دەکرێ و دەکوژرێیت. کۆمەڵێك سەروەت و سامانی کوردستانیان قورخ کردوە بەشی زۆری خەڵکی لێ بێ بەرین..هەڵسوراوانی سیاسی دەگیرین چەپ و کۆمۆنیستەکان بارەگاکانیان دەپیچنەوە دەیان کوژن مافی هەڵسورانیان لێ قەدەغە دەکرێ ..

لەمانەش زیاتر دیار نەبوونی چارەنووسی کوردستانە بەدوای رووخانی رژیمی بەعس ئەحزابی دەسەلاتدار بەدەوری خۆیان کوردستانیان جاریکی تر بەستەوە بەدەولەتی مەرکەزی بەخۆگریدانەوەیان بە سیاسەتەکانی ئەمریکاو غەرب، ئاخر چ زەمانەتێك هەیە لەئیستادا بۆ ئایندەو چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەژیر سایەی دەولەتێکی ئیسلامی قەومی کە خۆی بە بەشێك لەنیشتمانی عەرەبی دەزانی و هەمیشە خەریکن چاو سوردەکەنەوە لەخەڵکی کوردستان؟ چ قازانجیکی بۆ خەڵك تیدایە ئەمریکا خەریکی داسەپاندنی هەژموونی سیاسی خۆیەتی بەسەر دنیادا ئەوان لەریگای شەرەوە گۆمەلگایەکیان خەڵتانی خۆینکردوە ئەوەتا لەعیراقدا ئەمرۆ چ قیمەتێ بۆ نرخی ئینسان هەیە؟ بەشەر سەردەبرن هیچ سنورێك بۆ ئینسان کوشتن نەماوەتەوە تیرۆریزم وجەنگی تایفی ومەزهەبی بە هەزارانی لەناو ناخۆی عیراق ئاوەرەو دەربەدەر کردوە بەهەزارانیش بۆ وولاتەکانی دراوسێ هەڵهاتوون. بێ یاسایی و حوکمی میلیشیایی، بێ

قانوونی گەندەڵی ئیداری و خۆداسەپاندنی رەوتە ئیسلامی یە تاوان کارەکان لەناوەراستو باشوری عیراق ، بەراستی حکومەتی ئیستای عیراق بۆتە گالتەجاری دنیا .

گەنجێك وخەڵکی کوردستان بەگشتی وەختێ ئایندەیەکی گەش نابینیتەوە بۆ بەهرەمەند بوون لەژیانێکی باشتر ودەست گەیشتن بە ئارەزووکانی روو لەهەندەران دەکات ،ناچارە کراوەریگای پر مەترسی و سنوری درکاوی دەریای وولاتان ببرن بۆ ژیانی پەنابەری ،ئەگەر ژیانی ئەو دەیان لاوە بکریت بەکتیبو فلیم هەریەکەی داستانیکە، دەیان لاوی کورد لەو ریگایەدا سەگ پەلاماری داون یان خنکاون یان لەلایەن پۆلیس ئەو وولاتانەوە بێ حورمەتیان پێکراوە. تا ئەوکاتەی چارەنوسی خەڵکی کوردستان وسیاسەتێك کەلە کوردستان دەچیتە رێوە نەگورێ دیارەدەی ئاوارەیی بەری پێ ناگیرێ.

من وەك هەڵسوراوێکی سیاسی نیوەی تەمەنم لەکوردستاندا بردۆتە سەر واقعەن پر بەدڵ پیم خۆشە لەوێ ژیان بکەم ئەگەر فرسەتم پێبدەن، منیش لەوێ لەگەڵ خەڵکی کوردستان کارم بکردایە بۆ ئالووگوری جدی هەلومەرجی سیاسی وئابووری کۆمەلایەتی کومەڵگای کوردستان بۆ هەلومەرجیکی شایستە بە ئینسان ،خەباتم بکردابا بۆ یەك لای کردنەوەی کوردستان وسەربەخۆی بۆ ئازادی وئەمنیەت، خۆشبەختی وئینسانیەت، بۆ ئەوەی داهاتی کوردستان خەرجی خەڵکی کوردستان بکریت، خەباتم بکردبا دژ بە پیاوسالای و کۆنەپەرستی وگورینی یاساو قانوونەکان لەپێناو ئاسودەی خەڵکی کوردستان بۆ مافی هاولاتی یەکسان بۆ بەدەست هێنانی ئازادی هەڵسورانی سیاسی و ریکخراوەی هیچ کەس بەدەلیلی سیاسەتکردن نەگیرایەو نەکوژرایە یان سەرکوت نەکرایە، رێگەت پێ نادەن.

لەدەرەوەش دەست لەبەرۆکی پەنابەران ناکەنەوە دەبنە پالپشتی سیاسەتی دەولەتانی ئەورووپی بۆ گەرانەوەی پەنابەران، خەریکن بۆ قازانج و بەرژەوەندی سیاسی خۆیان کیشەی پەنابەران بەکاردەبەن.

نمونەیەکتان بۆ باس بکەم چەند مانگ بەر لەئیستا لەیەکیك لەکۆبوونەوەکانی وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا لەگەل رێکخراوە عیراقی یەکان، نۆینەری سەفارەتی عیراقی (عەلی بەیاتی وەنۆینەری حکومەتی هەریمی کوردستان) لەوێ بوون .. کاتیك کە وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا ئەوەی راگەیاند کە ناردنەوەی پەنابەران بەبێ موافەقەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام نادەن و ئەوان تەوافقیان هەیە ئەوان هەلویستیکی پیچەوانەیان نیشان نەدا هەروەك چۆن لەناوەوە ئاو کارەبا لەخەلك دەبرن و ئەگەریش نارەزایەتیانکرد دەست دەبەن بۆ گرتن وتەقەکردن لەخۆپشاندەران ئاواش لەدەرەوە خەریکن مامەلە بەئازادی و مافی نیشتەجێ بوونی پەنابەرانی کوردەوە دەکەن و ناهێڵن ژیانێکی ئارام ببیتە نەسیبیان. ئەگەر حکومەتی هەریم بەکردەوە راست دەکەن ئەوا با ریگە نەدەن بەگەرانەوەی پەنابەران بۆکوردستان و دەرگای فرۆکەخانەکانیان لەبەرووی دیپۆرتکردنەوەیان دابخەن وپیشوازی نەکەن. لەرووداوەکانی ئەم دواییانەی

شارو شارۆچکەکانی  کوردستان و خۆپشاندان و نارەزایەتی جەماوەریکاندا، لەماوەی هەفتەیەکدا 2000 گەنج سنورەکانی کوردستانییان بەزاندوە و روپانکردۆتە ژیانی پەنابەریتی. ولەم ژمارەیەش سەدان کەس لەلایەن دەولەتی تورکیا وە دیپۆرت کراوەتەوە کەچی  لەلایەن حکومەتەی کوردستانەوە پیشوازی لێکراون.

2–ئیستا بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران دەستیپیکردوە،ئایە لەرووی یاسایەوە(روونکردنەوەی لەسەر ئەو هەڵمەتە زۆرەی ناردنەوەی پەنابەران کەلەچەند  وولاتادا هەیە)؟

دەشتی جەمال: بەڵێ بەدوای رووخانی رژیمی بەعس بەشێك لەوولاتە ئەوروپی یەکان بەگشتی وبریتانیا بەتایبەتی کەوتوونەتە ئیدعای ئەوەی کەخەڵکی عێراق رزگاریان بووە ولەئازادی دیمکراتی بەهرمەندن ،بەم شێوەیە  گەرەکیانە پەنابەران بەزۆر بنێرینەوە تا لەو ئازادی و دیمکراتی یە بەهرمەند بن!!! ئەمە ئیتر ادعایەکی پوچ و بێ بناغەیە ئەمرۆ بەهۆی جەنگ و میلیتاریزم وسیاسەتی کاولکاری عیراق کە ئەمریکاو بریتانیا لەبەرامبەر ژیان و چارەنووسی خەڵکی عیراق دا پەیرەویان لێکردوە تەنانەت نائەمنی نا ئارامی بەقەدەر سەرەدەرزیەك سەلامەتی و ئاسایشی لەبەردەم ریکخراوە خێرخوازەکانیش نەهیشتۆتەوە چ جای ئەوەی خەڵکیکی مەدەنی هیچ وەسیلەیەکی بەگری لەخۆی شك نابات دەبێ حالی چی بێت؟!

دیارە پیچەوانە بەهەموو پێوانەیەکی ئینسانی و مافەکانی مرۆڤەوە ئەم دەولەتانە خەریکن رەفزی بەکۆمەل دەدەن بە پە نابەرانی عیراقی بەگشتی و پەنابەرانی کورد بەتایبەتی بەشێوەی راگرتنی وەلامی داوای پەنابەری وەیان تازەنەکردنەوەی ئیقامەت و برینی سوسیال ولیسندنەوەی خانووبەرە و دانی ڤاوچەرگرتنو راونان ،هیشتنەوەی دریژ ماوە لەکەمپەکان وراگرتن لەگرووخانەکان نەبوونی هەقی کارکردنو دەست رانەگەیشتن لەپیداویستی سەرەتای وەك داو دەرمان لەزوور شۆین، ماڤی گەیشتنەوەی خیزان وپیکەوەیی، سەفەرو هاتووچوو نەبوونی هەقی داواکردنی کردنەوەی کەیسەکانیان جاریکی تر، لەسەرکاردەرکرن....لیسەندنەوەی مندالێ لەکەسوکار کە دەولەتی بەریتانیا لە گرتووخانە پەنابەریەکان دەیویست پەیرەوی لێ بکات ، لەزۆر شۆین وەك ئۆستراليا لەکەمپی ڤیلاود مندال لەگەل دایکو باوکی کەوەك سجن وایە راگیراوە، دەستی پۆلیسی سنور ئاوەڵەراگیراوە بۆ هەر توندو تیژی و روبەروبوونەوەو تەنانەت تەقە بکەن لەو کەشتیانەی پەنابەر بەقاچاغ دەگویزنەوە دەیان کیشەو گرفتی تر ..ئەمە لەکاتیکدا ئەم وولاتانە خۆیان بەلانکەی شارستانییەت و ماڤی مرۆڤ و دیمکراسی دەزانن بەرێوەچوونی هەموو ئەمانە بەخاتری ئەوەیە پەنابەران ناچار بکەن مل بدەن بەگەرانەوە و تەسلیم بوون بەبارودۆخێکی ناهەموار کە لەعیراقدا هەیە. زۆر دەولەت وەك ئەلمانیاو بریتانیا نیسبەتێك پارەیان دیاری کردوە بیدەن بەو پەنابەرانەی دەیانەوێت ئارەزوومەندانە بگەرینەوە وە ئێستا لەهۆڵندا دەیان خیزان وپەنابەرانێکی زۆر لەبەردەم مەترسی بەزۆر ناردنەوەن. دیارە مانگی 11 پار دەولەتی بەریتانیا پەیرەوی

لەسیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی کورد کرد وە تائیستا دوو وەجبە پەنابەری کوردی ناردۆتەوە ئەم هەنگاوەی حکومەتەکانی ئەوروپی و بەریتانیا راستەخۆ رووی لە محدووکردنەوەی مافە ئینسانی یەکانی پەنابەران و مافی نیشتە جێ بوونە، هێرشە بۆ سەر مافو ئازادی فەردی و مەدەنی یەکانی خەڵکی ئەم وولاتە. گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران راستەوخۆ سیاسەتیکی ئاشکرایە دژ بەژیانی هەموو ئەو ئینسانانەی کەلەدەست جەنگ و کوشتارو سەرکوت و نائەمنی بێ مافی و کاولکاری هەڵهاتوون ..سیاسەتێکی سەرتاپا راسیستانەیە کە حکومەتی بریتانیا لە بەرامبەر پەنابەران گرتویەتیەبەر، و ناچارکردنی پەنابەرانە بەگەرانەوە وقبول کردنی بارودۆخێکی ناهەموار کەئیستا لەعێراق و کوردستاندا هەیە.. ئەم سیاسەتە راستەخۆ ئاکامی سیاسەتێکە کە حکومەتی بەریتانیا ماوەیەکە لەژێر ناوی پاراستنی خەڵکی بەریتانیا لەهەرەشەی تیرۆر، پەنای بۆبردووە، وەدیارە هەندێك دەولەتی تری ئەوروپیش خەریکی شت داتاشین و بەهانەن بۆ بەرێوەبردنی ئەم سیاسەتە. وە لایەنێکی تری ئەم سیاسە لەلایەن حزبە راسترەوەکانەوە بەرێوەدەبریت و کیشەی پەنابەریان کردۆتە وەرەقەیەکی سیاسی بۆ هێرش بۆ سەر مافەمەدەنی یەکانی خەڵکی ئەم وولاتانەوە پەرەپیدانی نەژادپەرستی کەدیارە میدیاو دام ودەزگاکان راگەیاندنیشیان بۆ ئەم کارە خستۆتەگەر لەگەل ئەوەشدا بەپێچەوانەوە خۆش بەختانە ئێستا بزووتنەوەیەکی بەرینی ئینسان دۆستی و ئازادی خوازی وپەنابەری لەزوور شوێن بەرێ کەتوو بۆ راگرتنی ئەم سیاسەتە دژ ئیسانی یە.

3- وەك دەزانرێت ئیستا رەوشی پەنابەرانی کورد بەتایبەتی لەوولاتانی ئەوروپا شوێنانی دیکە لەهەلومەرجیکی دژواردایە بەتایبەتی پینەدانی مافی پەنابەری وبەزۆر ناردنەوەیان بۆ کوردستان؟ئایا ئێوە چیتان کردوە بۆ ئاسایی کردنەوەی ژیان وگوزەرانیان؟

دەشتی جەمال:ئێمە بەخەباتی لیبراوانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بۆ پێشگرتن بەسیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد بەپشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازو رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری ویەکیتی کریکاریەکان لەچەند شوێن وولاتە ئەوروپی یەکانمان ناچار کردوە پاشەکشێ بکەن لەم سیاسەتە من نمونەکانی نارەزایەتی و خۆپشاندانەکانم باسکرد لەسەرەوە لەهۆڵندا 2001 وەلە ئەلمانیا وتورکیاو ولتوانیاو کرواتیا وسوریا وە خۆپشاندانە نارەزایەتیەکانی ئەم دواییانەی فیدراسیۆن لەبەریتانیا وپێك هینانی بەرەی گەورە لە چەند رێکخراوی پەنابەری و ئیسانی و ئەندام پەرلەمانی بەریتانی وئەوروپی پشتیوانی بەدەستهینانی دەیان نامەی یەکیتی کریکاری و رێکخراوە پەنابەریەکان ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بووە دەولەتمان ناچار کردوە سیاسەتی بەزۆر گیرانەوە رابگرێ پەنای بۆ ناردنەوەی بەناو ئارەزوومەندانە بردوە چەند پەنابەرمان لەژێر هەرەشەی ناردنەوە لەگرتووخانە پەنابەریەکان ئازاد کردوە چەندین پەنابەر پاریزەرمان بۆ گرتوون خەریکی تازەکردنەوەی کەیسەکانیان، زۆر خدەماتی تر لە تەرجەمەکردن وپاریزەرگرتن

ودابینکردنی پیداویستی مال و...دانانی شەوی هاوپشتی لەگەل پەنابەران بۆ هینانی پشتیوانی خەڵکی ئەم وولاتانە بۆ پەنابەران و گیرانی سیمینارو کۆر وئاهەنگ گیران بۆ یارمەتی دانی پەنابەران و دەرهینانیان لەتەنهای وتقویەتی رووحیتی هاوکاری و یەکگرتووی و ریکخراوەی ...رزگارکردنی پەنابەران لەهەرەشەی راسیزم کە من سالی پار لەشاری هال سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی گەورەی پەنابەریم کرد کەسەدان پەنابەری کورد بەشداری تیاکرد حکومەتمان ناچارکردن پولیسی ئاسایش کاری زیاتر بکات بۆ پاراستنی ئەمنیتی پەنابەران لەهەرەشەی نەژادپەرستی لەو شارەدا. ساڵی پار پێش ناردنەوەی ئەو 15 پەنابەرەکوردە بەکەلەپچەو اهانەت زیاتر لە 36 پەنابەری تری کوردمان لە گرتووخانەکان ئازاد کرد نەمان هێشت هەرەشەی بەزۆر ناردنەوە بیان گریتەوە کە ئەمە بەشێکە لەخەباتی فیدراسیۆن ئێمە لەپاڵ ئەو دەیان خۆپشاندانانە ریگای قانوونیشمان گرتۆتە بەر کە کەیسێکی زۆری ئەو پەنابەرانە پێشتر لای ئێمە بوون فەورەن فریایان کەوتووین ئازادیان بکەین. زۆریش لە ئیرادەی ئێمە نەبووە بەداخەوە دەولەت زۆر زوو شۆینەکانی گۆریون تا ئێمە وە ئەو پاریزەرانە دەستیان پیا رانەگات. لە دادگاکان چەندین دۆکیمەنت وە بەڵگەمان خستۆتە بەردەمیان لەسەر بارودۆخی عیراقو کوردستان، نامەمان داوە بەلایەنە پەیوەندی دارەکان بەرێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وسەردانمان کردون لەنزیکەوە تا هاوکاریمان بکەن ،چەند کۆبوونەوەمان بردۆتە نیو پەرلەمان تا بتوانین کیشەی پەنابەران رەفع بکەین وهاوکاریمان بکەن. خۆشبەختانە چەند ئەندام پەرلەمانی ئەورووپی و بەریتانی وفنلندی پشتیوانی پەنابەری کوردستانن. لەنرویج و سوید کاری جدی مان کردوە بۆ بەهانەوە چوونی پەنابەران تەسکیەی پشتیوانیمان ناردوە بۆ کەیسەکانیان ..تا مارشی گەورەی نارەزایەتی لە سویسراو بەریتانیاو سوید و ئوستراليا لەچەند ساڵی رابردوودا بەرێ خستووە، تەنانەت چاوپێکەوتن لەکەنالی تەلەفزیوونی سەرتاسەری و محلی یەکان تا رۆژنامە کەنالی سەتەلایتی عەرەبی یەکان کە من خۆم چەندین جار لەگاردیان لەندەنی و جەزیرەو بی بی سی و العربيەو رۆژنامەکانی تر لەسەر کیشەو گرفتی پەنابەران قسەم کردوە کە سەرئەنجام هەموو ئەمانە فشاریکی جدی بوون و کارنامەیەکی دریژی ئەم رێکخراوەیەی ئێمەو بزووتنەوەی پەنابەری بوو کە دەولەتانی ئەورووپی خستۆتە ژیر فشاری خۆیەوە. هەر دەورەیەك ژیانی دەیان پەنابەری لەمەترسی گەرانەوە رزگار کردوە لەهەرەشەی نەژاد پەرستی و پیداویستیەکانی رۆژانە وەیان زۆر یارمەتی تر کەبۆ پەنابەران دابین کراوە .

4–وەك دەزانیت لەیەك ساڵی رابردوودا حکومەتی بەریتانیا بەزۆر و49 پەنابەری بەسوکایەتی وفرۆکەی سەربازی وبەکەلەپچەکراوی گەرانۆتەوە کوردستان وئیستاش لەرەوشێکی خراپدان، فشارەکانی ئێوە چەندە جیگەی ئۆمیدن بۆ ئەوەی ئەم هەڵمەتە رابگیرێ؟

دەشتی جەمال:لەو بارەوە ئێمە پێش گیرانەوەی بەزۆری ئەو 15 پەنابەرە کوردەی لە 21-11-2005 وە کەمپێنێکی بەرفراوانمان بەرێ خست دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد بۆ کوردستان و راگرتنی پەنابەران لەو گرتووخانە پەنابەریەکان بەپشتیوانی چەند ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا و ئەوروپی نامەی نارەزایەتیمان داوە بەحکومەتی بەریتانیا، بەسەدان ئیمزا کۆکراوەتەوە وچەند نامەیەك خراوەتە بەردەم توونی بلیر ولەسەر ئەم سیاسەتەی کەلەبەرامبەر پەنابەرانی کورد دا بەریوەی دەبات ئاگادار کراوەتەوە. هەروەها ئیمە پێشتر زنجیرەیەك خۆپشاندانمان لە شارەکانی بەریتانیا ئەنجام داوە، سەردانی رێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی و UNHCR چەند رێکخراوی ئینسان دۆستو پەنابەری و یەکیتی کریکاری سەلیبی ئەحمەرمان کردوە تا نارەزایەتی خۆیان دەربرن، وفشار بخەنەسەر دەولەتی بەریتانیا بۆراگرتنی ئەم سیاسەتەی. توانیمان یەکیك لەو 15 پەنابەرە بگیرینەوە لەکوردستانەوە بۆ بەریتانیا لەریگای رێکخراوەیەکی پەنابەری بەریگای قانوونی وە وەزارەتی کۆچ لەوبارەیەوە اعتزاری هینایەوە وە بریار بوو پەنابەرێکی تریش لەوانە بهینینەوە بەداخەوە هەواڵمان پێگەیشت کە حکومەتی هەریم تەواوی زانیاری لەسەر ئەم کەیسەداوە بە وەزارەتی کۆچ کە لەهیناوەی مۆفەق نەبووین. هەرلەمبارەوە ئیمە بەرەی هاوبەشمان پێشتر پێك هیناوە لەمانگی یەکدا لە پەرلەمانی بەریتانیا لەسەر پێشنیاری من کە دەیان رێکخراو ئەندام پەرلەمان و حزب و کەسایەتی تیدایە تا فریای ژیانی دەیان پەنابەر بکەویت کە خەتەری ناردنەوە دەیان گریتەوە .. وە ئەم بەرەیە کۆنفرانسی ئەنجام داوە کە چەند ئەندام پەرلەمان و نیهادی پەنابەری و ئینسانی تیا بەشدار بوونە وە رۆژ بەرۆژ خەریکە گەورە دەبیتەوە جگەلەمانەش لەباری قانونیەوە ئیمە بە چەند پاریزەرەوە پەیوەندیمان کردوە بۆ ئەو پەنابەرانەی گیراون پاریزەرمان بۆ گرتوون تا نەهێلین دیپۆرت بکرینەوە سەر ئەنجام تا ئیستا چەند پەنابەرمان لە گرتووخانەکاندا ئازاد کروە وە نامە و چاوپێکەوتنمان کردوە بە ناوەندەکانی راگەیاندن و رۆژنامەو رادیوەکان ، مزاکەرەمان لەگەل دەولەت کردوە لەوبارەیەوە .. هەروەها داوامان کردوە لە رێکخراو مەلبەندە کوردیەکان تاخۆپشاندان وەری بخەن وبەشیوەی گونجاو فشاربخەنەسەر حکومەتی بەریتانیا لە وولاتە ئەورپی یەکان وداوا لە ئەندام پەرلەمانەکانی ئەو وولاتانە بکەن یارمەتی بکەن. توانیمان بەخەباتی بەردەوامی فیدراسیۆن بۆ ماوەیەکی زۆر دەولەت ناچار بکەین کە دەست لەم سیاسەتە هەڵبگرێ ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بووە .. پاشان جاریکی تر لە 5-9-2006 دەولەت نزیك بە 32 پەنابەری تری کوردی بەکەلەپچە کراوی و جلو بەرگی سەربازی اهانەت و بەفرۆکەی سەربازی گیرایەوە کوردستان کە پێچەوانە بەهەموو پرەنسیپێکی نیو دەولەتی و مافەکانی مرۆڤەوە ئێمە لەم بارەشەوە ئەمجارە نامەی نارەزایەتیم خستە سەر تونی بیلر لە شارەکان خۆپشاندانمان کرد توانیمان ژیانی 6 کەس لەوانە رزگار بکەین خەریك بوو بەزۆر بنیرینەوە و نامەم بۆ (کوفی ئەنان)سکرتیری نەتەوە یەکگرتووەکان نارد بەپشتیوانی 2000 رێکخراو

کەسایەتی ڕێکخراوی ئینسان دۆستو کریکاری توانیمان شکایەتنامە بەرینە نیو پەرلەمانی ئەورووپی چاوپێکەوتن بکەین لەگەڵ سەرۆك پەرلەماندا تا ئیستا ژمارەیەك لە پەنابەرانمان لە گرتووخانەکان ئازاد کردوە وە خەریکین پارەیزەرمان بۆ زۆر پەنابەری کورد گرتوە تا بتوانن جاریکی تر کەیسەکانیان بەشێوەکی تازەتر دابریژنەوە و شانسی ئەوەیان هەبێ بچنەوە دادگا وە ئێمە بەردەوام دەبین تا بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی پەنابەرانی کوردو دانی ماف نیشتە جێ بوون پیان بەتەواوی توانەوە دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەران رادەوەستین و لەم ریگەیەدا تەنها نیین دەیان ڕێکخراوی پەنابەری و ئیسانی وکریکاری و خەڵکی ئازادی خوازی دنیا پشتیوانمانە .

5–ببورە پرسیاری 5 ناوازحە شتی وانەبوو لەگەڵ سکرتیری یوئین دابنیشین بەلکو نامەم ناردوە

6–ئێوە لە11 ئۆکتۆبەر شاندێکی فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران لەبرۆکسل لەسەرکیشەی پەنابەران کۆبوونەوە،چاوتان بەکێ کەوت ئەنجامی ئەم کۆبوونەوانە چوون بوون؟

دەشتی جەمال: رۆژی 11–10–2006 لەسەر داوا چەند پەرلەمانتاریکی ئەورووپی و حزبی سەوز دەعوەتکراین بۆ پەرلەمانی ئەورووپی لەبرۆکسیل بۆ پێشکەش کردنی شکایەتنامە لەسەر حکومەتی بەریتانیا لەم سەردانەدا لەگەڵ  سەرۆکی شورای پەرلەمانی ئەورووپی کۆبوومەوە لەسەر بارودۆخی سیاسی عیراق و کوردستان لەسەر تیرۆرو کوشتن وشەری ناوخۆ ومیلیتارزمێك کە ئەمریکاو بریتانیا بەسەر خەڵکی عیراقدا دایان سەپاندوە قسەو باسم کرد کە رۆژ نی یە ژیانی سەدان کەس لەخۆین هەڵنەکیشێ وتا سەرکوت و بەرێوە چوونی حکومی اعدام کە دەولەتە ئەورووپی یەکان بەتووندی دژایەتی دەکەن تا گەندەڵی سیاسی و ئیداری سەرکوتی نارەزایەتی یەکانی خەڵکی کوردستان جێ بەجێ نەکردنی ئاو کارەبا کە پاڵ بە خەڵکی عیراق وکوردستانەوە دەنێ رووبکەنە هەندەران و ریگای سەخت بگرنە بەر ..هەروەها لەسەر ژیانی پەنابەرانی کوردو عیراقی لەوولاتە ئەورووپی یەکان چوونیتی مامەلەی ئەم دەولەتانە بەکیشەکانیان و بەرەسمیت نەناسینی ماف پەنابەری و نیشتەجی بوون و پشتکردن لە بەها ئینسان یەکان لەبواری ریزگرتن لەماف ژیانی  بۆخەڵکێك کە قوربانی ستەمو سەرکوت جەنگو کاولکاریەکن کە زۆربەی وولاتە ئەورووپی یەکان لەپشتیەوە راوەستاون..هاوکات لەسەر گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد لەلایەن حکومەتی بەریتانیا بۆ کوردستان بەتایبەتی قسەم کرد کە ئەم کردەوەیە ئەوپەری دژایەتی هەیە بەهەموو پێوانەکانی ماف مرۆڤی ئەورووپی بریارنامەکانی کۆنفیدراسیۆنی جینیڤی 1951 ..مامەڵە بە پەنابەرانی کورد وەك ئەسیری جەنگ لەکاتیکدا ئەم پەنابەرانە ئینسانی تاوان بار وەیان تیرۆریست نەبوون ، ئینسانی مەدەنی لەترسی جەنگ وکوشتارو سەرکوت هەڵهاتوون ..باسم لە و مامەلانە کرد کە لەگرتووخانە پەنابەریەکان لەگەڵ پەنابەرانی کورد بەرێوە چووە تا ئەوەی یەکیك لەو پەنابەرانە دوایی ناردنەوەکەی تووشی نەخۆشی دڵ بووە لەخەستەخانە کەوتووە، وە پێم راگەیاند ئێمە ئەمرۆ هاتووین بۆ شکایەتکردن لە حکومەتی بەریتانیا بۆ ریز گرتن لەمافەکانی پەنابەران ویاسا نیو دەولەتی یەکان

لەبارەی ماف پەنابەریوە ..داوام لێکرد پەرلەمانی ئەوروپی دەوری جدی خۆیان بگێرن بۆ راگرتنی فەوری ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد وە لەم نیوەدا 2000 ئیمزای پشتیوانی لەخواستەکانی پەنابەران و950 ئیمزای کەمپینێکی پێشتری من لەنامەیەکدا کە بۆ بەریز (جلال تالەبانی و مسعود بارزانی ) ناردوە لەسەر مەسەلەی پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەکوردستان بەرەسمیت ناسینی ئازادی هەلسورانی سیاسی و جێ بەجێکردنی خواستەکانی خەڵکی کوردستان دابین کردنی ئاو کارەباو خزمەتگوزرایەکان پێدان ..هەروەها چەند سەنەدو نامەی تری فیدراسیۆن لەوانە نامە بەکوف ئەنان وتونی بلیر ونامەیەکی تایبەت بەخۆی سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپی بۆ جێ بەجێکردنی خواستەکانی پەنابەران نامەی ئەو 10 پەنابەری بۆ کوردستان بەزۆر نیراونەتەوە نامەی بورهان نامق کەتووشی نەخۆشی دڵ بووە. لە وەلامدا بەریزیان بریاریان دا بەدوا چوون بکەن لەسەر مەسەلەی ناردنەوەی پەنابەران و تەواوی بەڵگەو سەنەد و نامەکانی فیدراسیۆن چاو لێبکەن و بەزوویی وەلامان لێبگیرنەوە.

هەمان رۆژ کاتژمیر 10 ی سەرلەبەیانی لە پەرلەمانی ئەوروپی وەفدێکی فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرت کە پێك هاتبوو لە(دەشتی جەمال،Karen Jhnson,Nicoles Dessaux,Celine Pauvos ) لەگەل بەریز(Jean Lambert ) چاویان کەوت بە بەریز(Michael Konther) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپی بەرپرسی( European Commiission&National Export for Immigration and asylum)

هاوکات وەفدی ناوبراو چاوی کەوت بە(Manfred Weber) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپی بەرپرس لەگروپی( Democrats Christian ) وە هەروەها کاتژمیر 3 پاشنیوەرۆ چاویان کەوت بە هەردوو ( Lilli Gruber ,Pasqalina Napoletano) ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپی وبەرپرس لەگروپی (Socialist)ی ناو پەرلەمانی ئەوروپی .

لەم دیدارانەدا لەنیو پەرلەمانی ئەوروپی بەدریژی لەسەر بارودۆخی سیاسی عیراق و کوردستان قسەوباسمان کرد تا مەسەلەی کوشتنی ژنان وسەرکوت هەڵواسراوی چارەنووس و ئایندەی کوردستان دوایی روخانی رژیمی بەعس و ئیلحاقکردنەوەی کوردستان بە حکومەتی مەرکەزی ودەسەلاتێکی ئیسلامی و قەومی لەعیراقدا و هەرەشەکان باندە تیرۆریست و ئینسان کوژەکان ..لەو بارەیەو فیدراسیۆن رای گەیاند کیشەی پەنابەرانی کورد کیشەیەکی سیاسی یە ئەو ریگایانەی وولاتە ئەورپی یە کان گرتویانەتە بەر لەبەرامبەر پەنابەرانی کورد بە ناردنەوەو نەسەلمانی ماف پەنابەری ریگا چارە نی یە ریگای کارساز عەمەلی گورینی ژیانی خەڵکی کوردستانە و مەسەلەی سەربەخۆی کوردستان و هینانەسەرکاری دەسەلاتیکی عەلمانی غەیرە قەومی غەیرە دینی لەکوردستان کلیلی چارەسەرە ، ئەگەر هەڵومەرجی ئابوری سیاسی و کۆمەلایەتی بگۆردریت بۆ هەڵومەرجیکی

شایستە بەژیانی ئینسان هیچ کەس ناچار نیە ریگای سەخت و هات ونەهات بگریتە بەر ئیهانەت و سوکایەتی وولاتەکانی دراوسیٚ عیراق قبول بکەن. رامان گەیاند فیدراسیۆن خۆی بە پێشەنگ و لەریزی پێشەوەی جدی ئەو ئالووگورە راوەستاوە لەپێناو گورینی یاسا ودەسەلات بە قازانجی ئازادی و خۆشبەختی ئەگەر دەولەتانی ئەورووپی بەراستی دەیانەویت لەکیشەی پەنابەران رزگاریان ببی پێویستە هاوکاری خواستەکانی خەڵکی کوردستان بکەن تا ئەو کاتەی ئەوە ناکەن، فیدراسیۆن بە تەواوی تواناوە لەپشتی ماف و حورمەتی پەنابەرانی کوردستانەوە رادەوستیٚ و پیداگری جدی دەکات داوادەکات بۆ بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری و نیشتەجیٚ بوون بە تەواوی پەنابەرانی کوردستان .

هاوکات فیدراسیۆن لەم دیدارنەدا لەسەر دەوری وولاتە ئەورووپی یەکان لەفشار خستنە سەر دەولەتی بەریتانیا بۆ راگرتنی سیاسەتی بەزۆری ناردنەوەی پەنابەر فسەو باسی کرد و هەروەها لەسەر سیاسەتی زۆرێك لەوولاتە ئەورپی یەکان لە ئایزۆلەکردنی ئینسانی پەنابەر لەمەدەنیتی کۆمەڵگا وکردنیان بەهاولاتی پلە دوو رەخنەی جدی گرت وە باسی لەوە کرد کە چۆن ئەم ریگایانە خزمەت دەکات بە دەمارگیری قەومی و ئاینی ریگە لەتێکەلاوی ئینسانی پەنابەر دەگریٚ لەم کۆمەلگایانەدا و لەسەر مافی هاولاتی یەکسان و دابین کردنی تەواوی خزمەتگوزریەکان تا پرۆسەی پەنابەریان بەرێوەدەچیٚ پیداگری کرد.

ئاکامی ئەم سەردانەی پەرلەمانی ئەورووپی و دیدار و چاوپێکەتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپی یەکەمین جارە لە میژووی بزووتنەوەی نارەزایەتی پەنابەرانی کورد عیراقی گرنگی و بایەخێکی بێوێنەی بوو. یەکەمین جارە دەنگێکی تر و ریگا چارەیەکی تر بۆ حلی یەکجارەکی کیشەی پەنابەران بەو شێوەیە لە پەرلەماندا نۆینەرایەتی بکرێت ..یەکەمین جارە تەنانەت لەخودی پەرلەمانی ئەورووپی لایەنیکی غەیرە حکومی نۆینەرایەتی واقعی خواستی پەنابەران دەکات تەنانەت خۆیندنەوەیەکی تر و راپۆرتێکی تر لەژیانو حالی ئیستای واقعی کوردستان و عیراق بەیان دەکات .. ئەم سەردانە پەیامێکی ڕۆشن بوو بە هەر دەولەتێکی تری ئەورووپی کە بیەوێت هەمان سیاسەتی بەریتانیا دژ پەنابەرانی کورد پەیرەو لیٚ بکات . ئەمە ناوکۆکەی بەرەیەکی ئینسانی و پێشکەوتوو خوازەی بردە پێشەوە. هەروا فیدراسیۆن جارێکی تریش نیشانی دایەوە کە لە ئاستی فشار خستنە سەر پەنابەران بیٚ دەنگ نابیٚ وپیداگری دەکات وە لەپشتی ماف و حورمەتی خەڵکی پەنابەری کوردستان رادەوەستیٚ تا بەرەسمیەت ناسینی مافی پەنابەری و نیشتەجیٚ بوون ومافە جیهانداگرە ئینسانی یەکان نۆینەرایەتی دەکات..

7-حکومەتی بەریتانیا یەکیکە لەو دەولەتانەی ریکەوتن نامەی 1951 ئیمزاکردوە پێت وانی یە ئەم کارەی ئیستای دژی ئەم ریکەوتن نامەیەبێت؟

دەشتی جەمال:بەتەواوی پێچەوانەی بریارنامەی کۆنفیدراسیۆنی جنیفی 1951 وکۆمیسیونی مافەکانی مرۆڤە لەئەوروپای یەکگرتوو وەدژی پرەنسیپەکانی ماف ئینسانە. بەراستی ئەم ئالووگۆرانە دوایی دنیا بەرهەمی نەزمی نۆی جیهانی یە. دیاردەی رووکردنە هەندەران ئیستا بەگشتی بەهۆی کیشەی سیاسی یەوە بەهەزاران هەزار ئینسان لەم پەر تائەوپەری دنیا ئاوارە دەبیت بەهۆی نائارامی و جەنگ و میلیتارزم ومسابەقەی تیرۆریستی ئەمریکاو غەرب لەلایەك رەوتە ئیسلامی یە تیرۆریستەکان کەهیچ شۆێنکیان بە ئامنی و ئارامی نەهیشتۆتەوە.. رۆژ بەرۆژ بەهۆی شەپۆلی گەورەی پەنابەری ئەم دەولەتانە خەریکی پاشەکشە لەتەواوی بریارنامەکانی خۆیان دەکەن کە پێشتر ئیمزایان لیداوە لەبارەی ماف پەنابەریەوە، رۆژ بەرۆژ خەریکن تەعریفی تر بۆ پەنابەران دادەنێن کە دەقیقەن پەنابەرانی کوردو عیراقی هەموو بەندەکانی بریار نامەی جنیفی 1951 دەیان گریتەوە بەلام بەداخەوە کاری پێناکرێ.

ئەم کارەی ئیستا حکومەتی بەریتانیا لەبەرامبەر پەنابەرانی کورد پەیرەوی لێ دەکات نایاسایی یە، لەکوێی دنیا بەو شێوەیە پەنابەران کە مەدەنیین بە فرۆکەی سەربازی و جلوبەرگی سەربازی و لیدان واهانەت وکەلەپچەکراوی بینیرنەوە وە تەنانەت هەواڵمان لەو پەنابەرانەی کە نیراونەتەوە پێگەیشتوە کە وەرەقەی ساختەشیان بۆ دروست کراوە وە هیچ یەکێك لەوپەنابەرانە فۆرمی گەرانەوەی ئیمزا نەکردوە ماف ئەوەی پێ نەدراوە پێش گیرانەوە پاریزەری خۆی هەبێ بەرگری لیبکات کامەی ئەمە یاسای یە؟ ئەمە چەوسانەوە نی یە کە پەنابەرانێکی کورد کە هەندێکیان نزیك بە 6تا7 ساڵە لەم وولاتەدا بەشێوەیەکی یاسای کاردەکەن زەحمەت دەکیشن وخزمەت دەکەن وژیانیان بەپێ یاساکانی دەولەت جیکەوتووە تاکس و کرێ پیداویستیەکانی خۆیان دابین دەکەن کەچی دەولەت هەرەشە لە خاوەن کارگاکان دەکات کە ئەو کریکارانە دەربکەن نایاساین تا پەنابەران ناچار بکات مل بدەن بەگەرانەوە لەکاتیکدا بەشێك لەو پەنابەرانە زەواجیان کردوە یان منداڵیان هەیە...نەبوونی هەقی کارکردن وخۆیندن و دەست راگەیشتن بە امکاناتی داودەرمان..تا دانی ڤاوچەر.. سەلمینەری کارنەکردنن بەو یاسایانە کە ئێمە لەسەر چەند بەندی تیکشاندنی ئەم بریارنامانە وە جێ بەجێ نەکردنی لەبەرامبەر پەنابەرانی کورد شکایەتنامەمان تۆمارکردوە بەدوایدا دەچیین لەوانە نامەم داوە بەسەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپی بە توونی بلیر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بە نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆفی ئەنان سکرتیری نەتەوە یەکگرتووەکان بە امنستی ئەنتەرناسیونال..

8-ئایە هەوڵەکانی ئێوە دەتوانێ کاریگەری هەبێ بۆ ئەوەی هەڵمەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران رابگیرێ؟ئەی چی بۆ ئەو پەنابەرانە دەکرێ کە ئیستا وەزعیان باش نی یە؟

دەشتی جەمال:ئێمە بە هەموو تواناوە لەدژی سیاسەتی بەزۆر گیرانەوەی پەنابەرانین وە لەدژی بریارە دژی ئینسانی یەکانیان رادەوەستین، هاوکات هەوڵ دەدەین کە کە هیزی پەنابەر رێکخراو یەکگرتوو بکەین ولەپێناو

مافه ئینسانی یەکانی خۆیان بینه مەیدان و ببنه هیزێکی کاریگەر ، هەوڵدەدەین دەنگی نارەزایەتی پەنابەران بگەیەنین بەناوەندی میدیاکان ورای گشتی و پەرلەمانتارەکان کە بە شێوەی جۆراجۆر فشار بهێنن لەپێناو پوچەڵکردنەوەی سیاسەتی دژی پەنابەری و پیداگری لەسەر مافو داوکاریەکانی پەنابەرانی کورد،چەندین شێوازی کەمپینکردن ریگا هەیە بیگرینە بەر بەمەرجێ پەنابەرانیش لە ئیستا زیاتر بینە دەوری بەهیزکردنی ئەم سەنگەرە واقعیە یە ئەگەر هیزی رێکخراوەی پەنابەران ئیرادە بکات بە باشی دەتوانێ دەوری کاریگەری خۆی بنۆێنیت لە تیکشکاندی سیاسەتی دژی پەنابەری و بەزۆر ناردنەوەیان. هەروەها لەئاستی جیهاندا و بزووتنەوە رێکخراوە ئینسان دۆستو پێشکەوتووخوازو کریکاریی یەکان پشتیوانی گەورە بەدەست بهێنیین و ریگە نەدەین مەسەلەی پەنابەری هێزە سیاسی یەکان لەم وولاتانە وە لەکوردستان بیکەنە زەخیرەی دەستی خۆیان و حزبەراستەکان مامەڵەو بازرگانی و ساتو سەودای پێوە بکەن. ئەگەر بەواقعی حکومەتی هەریمی کوردستان لەگەل گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران نی یە با فرۆکەخانەکان نەخاتە خزمەت ئەم دەولەتانە با بە راشکاوانە رای گەیەنیت بەکەتبی کە لەگەڵ گیرانەوەی بەزۆری پەنابەراندا نیین ئەگەر ئەوان رازی نەبن ئەو کارە سەرناگرێ .

سەبارەت بەو پەنابەرانەی گەراونەتەوە کوردستان بەزۆر یان بە داخوازی خۆیان پێویستیان بەوەیە بۆ دەستپێکردنەوەی ژیان کۆمەك بکرێن ئێمە لە ریگای نامەی ئەو پەنابەرانەی خۆیان ناونوس کردبوو بۆ گەرانەوە هەواڵم پێگەیشتووە دەلێت( دەیان کەسی وەك من گەراوەتەوە نازانن چی بکەن خەریکن شێت دەبن و سەرگەردان بوون نە کارێکیان بۆ دەکرێت نە شوینی ژیانیان هەیە نەکەس وەلامیان دەداتەوە نە وەزارەتی کۆچ وەلامان دەدەنەوە)...

پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کارو مەسکەن بۆ ئەو پەنابەرانە دابین بکات و زەوی و قەرزی عەقاریان بۆ دابین بکرێ وە ئێمە ئیستا لەریگای نۆینەرمانەوە لەکوردستان خەریکی رێکخستنی ئەوکەسانەین کە گەراونەتەوە داوایان لێ دەکەین ببنە ئەندامی فیدراسیۆن کۆبوونەوە بکەن خۆپشاندان و مانگرتن بکەن و بێنە مەیدان تا جێ بەجێ کردنی ئەو خواستە بۆیان ، ئەوانە ئینسانن پێویسیان بەژیانە وەسالانێکی زۆر لەنیو وولاتە ئەورپی یەکان ژیانیان کردوە ، حکومەتی هەرێم بەرپرسە لەتامین کردن و دامەزراندنەوەی ژیان بۆ ئەو کەسانە وە ..ئێمە لیرەوە لەهەوڵداین بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی بەریتانیا بۆ هینانەوەیان بەردەوام دەبین وە هەر ئێستا نامەی چەند پەنابەرم پێگەیشتووە لەکوردستانەوە من لەو سەردانەمدا بۆ پەرلەمانی ئەورووپی خستۆتە بەردەم پەرلەمان و داوام لە بە نەتەوە یەکگرتووکان و تەواوی رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی یەکان کردوەو هاوکاریمان بکەن.